النصارى على اثنتين وسبعين فرقة فواحدة في الجنة وإحدى وسبعين في النار، والذي نفسي بيده لتفترقن أمتي على ثلاث وسبعين فرقة فواحدة في الجنة وثنتين وسبعين في النار، قيل يا رسول الله ﷺ من هم؟ قال: هم الجماعة)(10) .

واتە: **جولەكە پارچە پارچە بوون بۆ حەفتاو یەك تاقم، یەك تاقمیان لەبەهەشتەو حەفتایان لە دۆزەخە، وە گاورەکان دابەش بوون بۆ حەفتاو دوو تاقم، یەك تاقمیان لەبەهەشتەو حەفتاو یەك تاقمیان لە دۆزەخە، سوێند بەو خوایەی گیانی منی بەدەستە ئوممەتەکەی منیش دەبێت بە حەفتاو سێ تاقمەوە، یەکێکیان بۆ بەهەشتەو حەفتاو دوویان بۆ ناو ئاگرن، ووترا ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ کێن ئەو تاقمەی کە دەچنە بەهەشتەوە؟ فەرمووی: (الجماعە) یە.**

**واتە: ئەوانەی کە پەیوەستن بە قورئان و سوننەتەوە بە تێگەیشتنی هاوەڵان)** .

وە شاهید لێرەدا ئەوەیە کەوا کۆمەڵی ڕزگاربووی بە (جەماعە) وەسف کرد، وە خۆلادان لە دانە پاڵیان بۆلای قورئانو سوننەت، لەگەڵ ئەوەشدا کە بەهیچ شێوەیەك ئەوان لەم دووانە دەرناچن، وە نهێنی ئەمەش لەوانەیە وریاییەك بێت لەسەر **(جەماعە)** کە بەتەواوی لە قورئان و سوننەت گەیشتون، وە هەروەها کردەوەی پێدەکەن بەو شێوەیەی کەوا خواو پێغەمبەر ﷺ دەیانەوێت، وە ئەو کاتەش هیچ کۆمەڵێك نەبوون تەنها هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ نەبێت، وە هەر بۆیە زانایان لەفزێکی تری ئەم فەرموودەیەیان بە صەحیح داناوە کە حاکمو غەیری ئەویش ڕیوایەتیان کردووە کە پێغەمبەر ﷺ وەسفی کۆمەڵی ڕزگار بووی کردوەو فەرموویەتی:

(ما أنا عليه وأصحابي)(11) .

واتە: **(ئەوانەن کەوا لەسەر ئەو مەنهەجو ڕێبازەن کەمنو هاوەڵانمی لەسەرن)** .

وە هەروەها عیرباضی کوڕی ساریە رضي الله عنه دەفەرمووێت:

(وعظنا رسول الله ﷺ موعظة بليغة ذرفت منها العيون ووجلت منها القلوب، فقال قائل: يا رسول الله ﷺ كأن هذه موعظة مودع؟ فماذا تعهد إلينا؟ فقال: " أوصيكم بالسمع والطاعة فإنه من يعش منكم بعدي فسيرى

---

(10) (سلسلة الأحاديث الصحيح: 1492) .

(11) (سلسلة الأحاديث الصحيحة: 5343) .

